**Refugee agencies help and advice**

June 2008 Kurdish (Sorani)

# ئایا بەر لە 2007/3/5 داوای پەنابەریت کردوە و تاکو ئێستا مافی مانەوە لە بەریتانیات پێ نەدراوە؟

ئەگەر وەڵامەکەت "بەڵێ" یە ئەوا داوای پەنابەریەکەت لەوانەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چارەسەرکردنی کەیسەکان (Case Resolution Directorate) ەوە هەڵبسەنگێنرێت کە بەشێکە لە فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA) لە وەزارەتی ناوخۆیی. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە مامەڵە لەگەڵ ئەو داواکارییە کۆنانەی پەنابەری دەکات کە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراون. لە ئێستاوە تاکو ساڵی 2011، ئەوان چاو بە زوربەی ئەو کەیسانەدا دەخشێننەوە کە بەر لە مانگی مارچی 2007 ئاراستە کراون.

بەڕێوەبەرایەتی نامە بۆ هەندێک لە داواکارانی پەنابەری دەنێرێت بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکات کەوا کەیسەکان هەڵبژێرراون بۆ ئەوەی هەڵسەنگێنرێن.

## ئەگەر نامەکەیت لەلایەن فەرمانگەی سنووری بەریتانی (UKBA) یەوە پێگەیشت دەبێ چی بکەیت؟

نامەی UKBA واهەیە ئەم بابەتانە لەخۆ بگرێت:

- روون کردنەوەیەک سەبارەت بەوەی کەوا کەیسەکەت هەڵبژێراوە بۆ ئەوەی هەڵسەنگێنرێت
- وردەکارییەکانی پەیوەندی کردن بە خاوەنی کەیسەکەت
- زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی ئامۆژگاریی یاسایی
- زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی گەڕانەوەی خەڵک بۆ وڵاتی خۆیان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە

UKBA پێویستە کۆپییەکی ئەو نامەیەی بۆ تۆی دەنێرێت بۆ نوێنەری یاساییشت بنێرێت (ئەگەر هەتبێت).

نامیلکه کانی تر له سه ر ئه م ماڵپه ڕه ده ست ده که ون: http://languages.refugeecouncil.org.uk

UKBA هەروەها لەوانەیە وردەکاری سەبارەت بە کەیسەکەت لە نامەکەدا بنووسێت و داوات لێ بکات کە ئایا ئەو وردەکارییانە هێشتا راستن. لە نامەکەدا لەوانەیە داوای زانیاری زیاترت لێ بکات کە پێویستە خۆت یان نوێنەری یاسایيت دەبێت لەماوەی **21 رۆژدا** بۆ خاوەنی کەیست لە UKBA ی بنێرن. گرنگە کە خۆت یان نوێنەری یاساییت لەوە دڵنیابن کە وەڵامەکەت لەماوەی 21 رۆژ دوای رێکەوتی سەر نامەکەت دەگاتە UKBA.

کاتێک نامەیەکت پێدەگات باشتر وایە ئامۆژگاری و یارمەتی زیاتر وەربگریت – بڕوانە لاپەڕەی دواتر. ئەگەر نەتوانیت لەکاتی خۆیدا ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت، ئەوا هێشتا دەبێت وەڵامی نامەکەت لەکاتی خۆیدا بدەیتەوە بەڵام لە نامەکەتدا بنووسە کەوا سەبارەت بە کەیسەکەت ئامۆژگاریی یاسایی وەردەگریت. کۆپییەکی هەموو ئەو نامانەی کەوا بۆ UKBA ی دەنێریت لەلای خۆت رابگرە و هەر جارەی تەلەفۆن بۆ UKBA دەکەیت کاتەکەی لەلای خۆت بنووسە.

## ئەگەر ناوی خاوەنی کەیسەکەت نەزانی چۆن پەیوەندی بە UKBA وە دەکەیت؟

ئەگەر UKBA نامەی بۆ نەناردوویت بەڵام حەز دەکەیت UKBA ئاگادار بکەیت کەوا بارودۆخی ژیانت گۆڕاوە (بۆ نمونە، مندالّت بوە، خێزانت پێک هێناوە یان ناونیشانی ماڵت گۆڕیوە) دەتوانی بەم ژمارە تەلەفۆنە 7766 606 0870 پەیوەندی بە نووسینگەی پرسیارەکانی کۆچبەری (Immigration Enquiry Bureau - IEB) وە بکەیت.

IEB داوای ژمارەی فایلەکەت، ناوت، نەتەوەت، رۆژی لەدایک بوونت و رێکەوتی داواکردنی پەنابەریت لێدەکات. IEB دواتر ناونیشانێکت پێدەدات بۆ ئەوەی نامەیەک بۆ خاوەنی کەیسەکەت بنووسیت بۆ ئەوەی بتوانی لە گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی ژیانت ئاگاداری بکەیت. IEB ناتوانێت پێت بڵێت لە چ رێکەوتێکدا بڕیار لەسەر کەیسەکەت دەدرێت. ئەگەر ناونیشانت گۆڕاوە ئەوا دەتوانی ناونیشانی نوێت بە تەلەفۆن بە IEB بڵێیت.

## ئایا دەتوانم داوا لە UKBA بکەم هەر ئێستا بە کەیسەکەمدا بچێتەوە؟

ئەگەر پێت وایە کەیسەکەت بەهۆی چەند هۆیەکی تایبەتییەوە پێویستە هەر ئێستا هەڵسەنگێنرێت، ئەوا پێویستە لەم بارەیەوە لەگەڵ نوێنەری یاساییت قسە بکەیت. UKBA قەبوڵی کردوە ئەو نوێنەرایەتییە بەسەر ئەو نووسراوانەدا بچێتەوە کە لەلایەن نوێنەرێکی یاسایی یان ئەندامێکی پەرلەمان (MP) ەوە ئاراستەی دەکرێن.

## ئایا UKBA نامە بۆ هەموو داواکارانی پەنابەری دەنێرێت؟

نەخێر. UKBA نامە بۆ هەندێک لەو داواکارانی پەنابەرییانە نانێرێت کە مامەڵەی لەگەڵ کەیسەکانیانی کردبێت. بۆ نمونە، ئەگەر خەڵکانێک تاوانێکیان کردبێت، ڕێزیان لە یاساکانی UKBA نەگرتبێت یاخود بەشێوەیەکی نایاسایی کاریان کردبێت، پێناچێت هیچ نامەیەک وەربگرن پێش ئەوەی فەرمانگەی سنووری بەریتانیا هەنگاوی پێویست بۆ دەرکردنیان لەم وڵاتە هەڵبێنێت. ئەگەر سەبارەت بە بارودۆخت نیگەرانیت ئەوا گرنگە ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت – بڕوانە خوارەوە.

ئەگەر بڕوات بەخۆت هەیە کە یەکێک لەو کەسانە نیت کە لە سەرەوە باسیان لێوە کراوە و UKBA نوێترین زانیاریی سەبارەت بە کەیسی تۆی لەبەر دەست دایە، ئەوا لەوانەیە باشتر وابێت چاوەڕوان بیت تاکو نامەیەکت پێدەگات. بەڵام پێویستە لەوە دڵنیابیت کە دەتوانی خێرا ئامۆژگاری یاسایی وەربگریت لەبەر ئەوەی کە مۆڵەتێکی زۆرت بۆ وەڵامدانەوەی نامەکەت لەبەردەم UKBA نابێت (21 ڕۆژ).

ئەگەر چەند شتێک سەبارەت بە کەیسەکەت هەن کە دەتەوێت بە UKBA یان ڕابگەیەنیت، گرنگە کە سەرەتا ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت.

## وەرگرتنی ئامۆژگاری

دەبێت:

- پەیوەندی بەو نوێنەری یاساییەوە بکەیت کە پێشتر کاری لەسەر کەیسەکەت کردوە یان،
- نوێنەرێکی یاسایی بدۆزیتەوە کە بتوانێت یارمەتیت بدات و لێی روون بێت کە دەتوانێ یارمەتیت بدات کاتێک کە نامەیەک وەردەگریت.

دەتوانی لەرێگەی پەیوەندی کردن بە **ئامۆژگاری یاسایی کۆمەڵگە (Community Legal Advice)** بەم ژمارە تەلەفۆنە 4345 345 0845 نوێنەرێکی یاسایی دەست بخەیت و ئەوان دەتوانن حەواڵەی نوێنەرایەتی یان رێکخراوێکی خۆجێ ییت بکەن کە لەوانەیە بتوانن ئامۆژگارییەکی زیاترت بکەن. هەروەها دەتوانی سەیری ئەم ماڵپەڕەش بکەیت: www.communitylegaladvice.org.uk

نوێنەری یاساییت پێویستە کار بۆ رێکخراوێک بکات کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمیسیۆنی خزمەتگوزارییەکانی یاسایی (Legal Services Commission) لە یاسای کۆچبەری مۆر کردبێت یان راوێژکارێکی مۆڵەتپێدراوی **نووسینگەی دەسەڵاتداری خزمەتگوزارییەکانی کۆضبەري (Office of the Immigration Services Commissioner - OISC)** بێت. بۆ وەرگرتنی لیستی ئەو رێکخراوە مۆڵەتپێدراوانەی کە سەبارەت بە یاسای کۆچبەری ئامۆژگاری دەستەبەر دەکەن دەتوانی پەیوەندی بە OISC ەوە بکەیت. تەلەفۆن: 004 000 0845 یان بڕوانە www.oisc.gov.uk

نابێت هیچ پارەیەک بۆ ئامۆژگاری یاسایی بدەیت چونکە نوێنەری یاسایی دەتوانێ داوای یارمەتی یاسایی بکات. راوێژکارێکی فەرمانگەیەکی پەنابەری لەوانەیە بتوانێ نوێنەرێکی یاساییت بۆ دەست بخات.

کاتێک چاوت بە نوێنەری یاسایی دەکەوێت پێویستە:

- دڵنیابیت هەموو بەڵگەنامە پەیوەندارەکانت لەبەر دەست دایە، بۆ نمونە نامەی ئەسڵیی راگەیانراوی پەنابەریت، نامەی رەتکردنەوەی داوای پەنابەریت، نامەی بڕیاری دادگای پەنابەری و کۆچبەری و هەموو ئەو نامانەی کە دوای ئەو کاتە بەدەستت گەیشتوون.
- کارێکی باش دەبێت ئەگەر کۆپییەکی ئەم بەڵگەنامانە لەلای خۆت رابگریت و لە شوێنێک رایان بگریت کە لەکاتی پێویست
  دەستت پێیان رابگات. ئەگەر UKBA دەست بەسەرت بکات لەوانەیە پێویستیت بەوە هەبێت هاوڕێیەکت خێرا ئەم بەڵگەنامانەت پێ بگەیەنێت.

## ئایا بەر لە مانگی ئەپریلی 2003 داوای پەنابەریت کردوە؟

ئەگەر بەر لە مانگی ئەپریلی 2003 داوای پەنابەریت کردوە و داواکەت رەت کراوەتەوە بەڵام ئەگەر وەزارەتی ناوخۆیی کاتی خۆی بڕیارێکی خێراتری سەبارەت بە کەیسەکەت دابا ئەوا لەوانەبوو مافی پەنابەری یان مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت وەربگرتایە، تکایە بڕوانە کورتە باسێک لەسەر ماڵپەڕی ئەنجوومەنی پەنابەران (Refugee Council):
www.refugeecouncil.org.uk/policy/briefings/2007/delays.htm

ئەگەر پرسیارێکت سەبارەت بە زانیارییەکانی نووسراو لەناو ئەم نامیلکەیە هەیە تکایە پەیوەندی بە یەکێک لەم فەرمانگانەی خوارەوە بکە:

**نووسینگەی سەرەکی هێڵی یارمەتی(Migrant Helpline) (Kent, Sussex)**

تەلەفۆن: 01304 203 977
www.migranthelpline.org.uk

**ناوەندی سەرچاوە فرەکولتورییەکان (Multi-Cultural Resource Centre) (Northern Ireland)**

تەلەفۆن: 02890 238 645
www.mcrc-ni.org

**نووسینگەی سەرەکی خزمەتگوزاری پەنابەران لە باکووری ئینگلتەرا (North of England Refugee Service) (North East)**

تەلەفۆن: 0191 245 7311
www.refugee.org.uk

**نووسینگەی سەرەکی چالاکی پەنابەران (Refugee Action)**
**(East Midlands, North West, South Central, South West)**

تەلەفۆن: 020 7654 7700
www.refugee-action.org.uk

**نووسینگەی سەرەکی ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council)**
**(London, East of England, Yorkshire & Humberside, West Midlands)**

تەلەفۆن: 020 7346 6700
www.refugeecouncil.org.uk
http://languages.refugeecouncil.org.uk

**نووسینگەی سەرەکی ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندی (Scottish Refugee Council)**
**(Scotland)**

تەلەفۆن: 0141 248 9799
0800 085 6087 Freephone
www.scottishrefugeecouncil.org.uk

**نووسینگەی سەرەکی ئەنجومەنی پەنابەرانی ویێلز (Welsh Refugee Council)**
**(Wales)**

تەلەفۆن: 029 2048 9800
www.welshrefugeecouncil.org



Asylum Support Partnership consists of:

Migrant Helpline, charity number: 1088631 www.migranthelpline.org
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014 576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1044885 www.welshrefugeecouncil.org.uk